کەی چەواشەکاری کۆتا دەبێ؟!

ڕێکار ئەحمەد

ڕێزدار کەمال کەرکوکی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لەدیدارێکی خۆیدا لەگەڵ هەولێر پۆستدا گوتوویەتی: ئەوانەی لەدژی پەرلەمانو حکومەت دەنووسن دەستێکن لەدەرەوەپا ئاراستەدەکرێن. بۆچوونەکە لەلۆژیکی ڕەتکردنەوەی دیتران سەرچاوەی گرتووە. ئەوانەی بەئەقڵیەتی پاوانخوازیو کۆنە پارێزییەوە لەدیاردەو ڕووداوەکان دەڕوانن هەموو بەرانبەرێکی خۆیان بەدوژمن، دەستی دەرەکی، خۆفرۆش و کرێگرتە دادەنێن، لەپەنای ئەو پاساوەوە دەیانەوێ دریژە بەگەندەڵیو پاوانخوازیو فەرمانڕەوایەتی بدەن، دیواری ڕەخنەو دژایەتی لەیەکتر جیاناکەنەوە. دەیانەوێ بەو ڕامانەوە دەنگی ئۆپۆزیسیۆن بخنکێنن و دەستەڵاتی تەکانەو بێهاوتا سەرپشک بکەنەوە. ترسناکبوون لەدووتوێی ئەو چەند وشەتیژەدا چرپنەبۆتەوە، مەترسیو نەهامەتیەکان لەو دیوەوە شمشێری تیژیان ڕاگرتووەو سێدارەیان ئامادەکردووە. چاویان لەهێزی ئۆپۆزیسیۆن زەقکردۆتەوە، خاپاندنو هەترەش دەجۆشێنن، گەرەکیانە لەم ڕۆژگارو سەردەمەدا بە بەیتو بالۆرەی بەسەرچوو بەرانبەر بخەوێنن. ئەو بۆچوونە ناکامە بۆ گێرانەوەی ڕابردوو پەل دەکوتێ، بەڵام ئێتر ناتوانێ بەو هەستەوە لەڕامانو بۆچوونو ڕەخنەو گلەییەکانی بەرانبەر بڕوانێ. دەبووایە بەڕێزیان واقیعبینانەو سەردەمانەو سیاسیانە وەڵامی پرسیارەکەی هەولێر پۆستی بدابایەوە، چونکە ئەوەی جێگری سەرۆکی پەرلەمان دەیڵێ ڕەنگ لەبۆچوونو سیاسەتی پەرلەمانی کوردستان دەداتەوە. ئەو ڕەنگدانەوەیەش زیان بەڕەوتی ڕووداوو پێشهاتەکان، بەکاروانی بەرەوپێشەوەچوونی دۆزی ڕەوای گەلی کوردستان دەگەیەنێ. بۆ دەبێ ئەگەر یەکێ ڕەخنەی لەرەفتارەکانی پەرلەمانو کردەکانی حکومەت گرت، ئیدی پێوانەی دەستی دەرەکی بۆ بکرێ؟!. دەبووایە ڕێزدار جێگری سەرۆکی پەرلەمان بەرلەوەی ئەو ڕستانە بەکەسانی نەیارو هێزە سیاسیە ئۆپۆزیسیۆنەکان بفرۆشێ، بیری لەو دەستەواژانە بکردبایەوە کە هەمیشە داگیرکەرو دوژمنانی کوردستان وەپاڵ بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستانیان دەدا. لێدانەوەی قەوانی سواوی کۆنینە نەك هەر ناتوانێ خزمەت بەکێشەی گەلو نیشتیمان بکات، بەڵکو لەتوانای دانیە دڵی منداڵی ساواش خۆشبکات.

ئەوانەی توانای وەڵامدانەوەی ڕەخنەکانی بەرانبەریان نیە، شیانی گۆڕانو نوێ بوونەوەیان تێدانیەو نکاڕن گەندەڵیو پێشێلکاریەکان کۆتا بکەن، پەنا بۆ تۆمەتبارکردنی ڕەخنەگرانو نەیاران دەبەن. من لەنووسینێکی پێشوومدا ئاماژەم بەوەدابوو کەتا ئێستاش هەندێ کەس و لایەن بەچاوی دوژمنو دوژمنکاری لەئۆپۆزیسیۆن دەڕوانن و گیانی پەسندکردنو خوێندنەوەی ئۆپۆزیسیۆنیان تێدایە.

گومانی تێدانیە کە سەرکردەی حزبەکانو ئەندامانی پەرلەمانو ئەندامانی حکومەتیش کێماسیو گەندەڵیو پێشێلکاریەکان دەبینن و ڕەخنەیان لەکردەکانییان هەیە، بەڵام باڵادەستی کاودانی ترسو تۆقاندن بەربینگی لێگرتوونو توانای ئەوەیان تێدا نیەو پێ لەبەرژەوەندییەکانی خۆیان بخشێنن. دەنا کێ هەیە هەڵەو کێماسیو گەندەڵیەکان نەبینێ؟!. کام ڕۆشنبیرو سیاسەتکارو سیاسەتزانو ولاتپارێز هەیە ئەو سەرپێچیو هەڵانە نەبینێ؟!. ئەوەی نکۆڵی لەڕاستیەکان دەکاتو سیمرغ ئاسا چاو لەئێستاو داهاتوو دەکات ناتوانێ بەرانبەر پەسند بکات. توانای بەخۆداچوونەوەو نۆژەنبوونەوەشی تێدانیە.

هەڵبژاردنو حکومەتکردن بۆندەیەکی کۆمەڵایەتی ڕەوشتدارە. حزبەکانو پاڵێوراوەکانیان بۆ ئەوە داوای دەنگ لەخەڵك ناکەن کە دوای خەڵکی ئەم عێراقەدا بەکارهێنا، ئەمەش بەخاتری ئەوەی ئەو ئایینو ئاینزاو نەتەوانەی لەم ولاتەدا هەن بەهۆی ناکۆکیو شەڕیو خۆیانەوە نەیان پەرژێت دوژمنایەتیو شەڕی هەم عەرەبەکانو هەم عوسمانییەکانیش بکەن کە هەردوولایان بەناوی ئیسلامەوە حوکمی ناعادیلانەی خەڵکیان کردووە.

وینستۆن چەرچڵی وەزیری کۆڵۆنییەکانی ئەودەمی بەریتانیا لەیادەوەرییەکانیدا دەڵێت لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە خەڵافەتی عوسمانی دەسەڵاتی بەرتەسك کرایەوەو هەموو نیشتمانی عەرەبیو ڕۆژهەڵاتی ئاسیاو ئەفریقاو بەشە داگیرکراوەکانی ئەوروپایشی لێ وەرگرایەوە من ڕاسپێردرام لەناوچەی ولاتانی عەرەبی کەلەدەست عوسمانییەکان سەندرابۆوە چوار دەوڵەت دروستبکەم (فەڵەستینو ئۆردنو عێراقو کوردستان) بەڵام بەهۆی هەڵوەشانەوەی فکرەی دەوڵەتی فەڵەستینەوە، دەوڵەتی کوردیش دروست نەکرا. ئەوەبوو عێراقیان کردە دەوڵەتێکی سەربەخۆ کوردستانیشیان خستە پاڵی. کاتێکیش زانیان بۆیان کۆنترۆڵناکرێت فەیسەڵی هاشمیان لەتائیفی سعودییەوە هێناو کردیانە پادشای عێراق. فەیسەڵ ڕابەرایەتی یاخیبونێکی دەکرد دژی ئینگلیزو فەرەنسییەکانو دووسەد سواریکی لەگەڵدا بوو. بۆیە بەهێنانی ئەو هەم دڵیان ڕازیکردوو هەم عێراقیشیان بەهۆی ئەوەوە کۆنترۆڵکردو گرفتی فەیسەڵیشیان لەکۆڵ خۆیان کردەوە.

فەیسەڵو کوڕەکەی تاسالّی (1958) حوکمی عێراقیانکردو دەیان ڕاپەڕینی کوردو شیعەیان خەڵتانی خوێنکرد، عەبدولکەریم قاسمی ڕابەری شۆڕشی گەلاوێژیش هەر لەسەرەتای دەست بەکاربوونییەوە دوای قەتڵوعامکردنی بنەماڵەی هاشمی لەعێراق وتی ئەم ولاتە نیشتمانی هاوبەشی کوردو عەرەبو نەتەوەکانی تریشە، بەڵام هەرزوو نەتەوە پەرستانی عەرەب کەوتنە خۆیانو قاسمیان لەو قسەیە پاشگەزکردەوەو ناوبراویش گەورەترین قەسابخانەی مرۆیی دژی جولانەوەی شەواف لەشاری موسڵ دروستکردوو سەدان کەسی کوشت، دواتر بەعسییەکان هاتنو حکومەتەکەی قاسمیان ڕووخاندو خودی قاسمیشیان گوللەو بارانکردوو بەنیازبوون کوردو شیعە ریشە کێش کەن. بەعسییەکان چەند مانگێك حوکمیان کردوو بەهەمان شێوە سەدان کەسیان لەسەرتاسەری عێراقدا کوشت بەتایبەت شوعییەکان، دواتر قومییەکان هاتنو هەردوو برا عەبدو لسلام و عەبدولرحمان عارف تاسالّی شەستو هەشت حوکمیان کردوو جارێکیتر بەعسییەکان هاتنەوەو ئەوەبوو تا (2003/4/9) حوکمی عێراقیان کردوو بوونە هۆی لەناوچوونی نزیکەی پێنج ملۆن مرۆڤی عێراقی زیاتر لەیەك ملیۆنی ئێرانیو کوەیتیش.

ئەوەی جێگەی پرسیارێشە بەردەوام نەتەوە پەرستانی عەرەبو تەواوی ولاتانی عەرەبی پشتگیری هەموو ڕژێمو حکومەتەکانی عێراقیان کردووە بۆ کۆمەڵکوژی کوردو شیعەو هەڵکوتانە سەر ولاتانی تریش تەنیا پشتی ڕژێمی قاسمیان نەگرت ئەویش لەبەر ئەوەی کوردی کردە هاوبەشی عەرەب لەعێراقدا. لێرەوە تێدەگەین کەباردۆخی عێراق هەر وادەبێت تائەو وەختەی عەرەب لەوەهمی نیشتمانی عەرەبدا بژیو بەپارچەبوونی عێراق ڕازینەبێت. چونکە عێراق بەدرێژایی هەشتاو شەش ساڵی ڕابردوو بۆیەك چرکە ئارامی بەخۆوە نەدیوەو لەسەر پێی خۆی نەوەستاوە. پەروەردەی ئەم خەڵکە لەهەناوی شۆڤێنییەتو توند ڕەوی ئیسلامییەوە سەرچاوەی گرتووەو دەبێت لەوێشدا بۆچارەسەرەکەی بگەڕێین.

ئێستا لەعێراقدا دەیان گروپو دەستەو حزب هەیەو چەندین سەرکردەو کەسی ناسراویشیان تێدایەو هەمووشیان بەنیازن لەسەر بنەماو پرنسیپەکانی خۆیان عێراق دروستکەنەوە، ئەمەش جارێکیتر گرفتە کە قوڵتر دەکاتەوە

لەپشتی چاوت دوو بۆری کێشراو هەن؟!. پەرلەمانێك متمانەی بەدوو ئیدارەیی دابوو، دەستەڵاتی ئەوەی لێسەندرابۆوە باس لەیەکگرتنەوە بکات، بۆ دەبێ ڕەخنەگرانی بەدەستی دەرەکیو بەکرێگیراوی بێگانە تۆمەتبار بکات؟!. پەرلەمانێك لەدوای هەڵبژاردنیەوە لەتوانای نەبووبێ بۆ ماوەی 15 مانگ حکومەت پێکبهێنێ، بۆ دەبێ مافی ڕەخنەگرتنو گلەیی کردن لەخەڵك زەوت بکات؟!.

حکومەتێك کە لەلایەن حزبەوە قۆرخ کرابێ، تەواوی داموەزگاکانی بەئەندامانی حزب پڕکرابێتەوەو ڕاشکاوو بێباکانە جیاکاریو هاوێرکاری درێژە پێبدات، بۆ دەبێ ئەو کەسانەی لەپێناو ئەو حکومەتەدا تێکۆشابن، مافی ئەوەیان نەبێ لەخواستو مافەکان بپرسنەوە؟!. حکومەتێك کە گیرفانی زۆربەی ئەندامانی خۆی پڕکردبێو جەماوەریشی لەخزمەتگوزاری بێبەش کردبێ، چۆن ڕەخنەی لێناگیریو بەچ مافێکەوە دەتوانێ داوا لەجەماوەر بکات کە زمانی خۆیان دابخەن؟!.

خەڵکی بە پەرۆشەوە لەپێکهێنانی کابینەی پێنجەمیان دەڕوانی، ئێستا جەماوەر چاوەڕوانە ئەو حکومەتە کۆتو زنجیری حزبایەتی بپسێنێ، لەپێناو ئاوەدانکردنەوەی ولاتو دابینکردنی پێداویستیو خزمەتگوزارییەکان هەنگاوی کردەیی بهاوێژی، ئەگەر خواستو ئاواتەکانیان ڕەنگی پێ نەدرایەوە مافی خۆیانە ڕەخنەی لێبگرن، کێماسیەکانی لەقاو بدەنو ئاماژە بەگەندەڵیو سەرپێچیەکانی بکەن.

لەدویماهیدا وەبیر دەهێنینەوە کە هیچ یەك لەو نووسەرانەی کە ئەمڕۆ ڕەخنە لەپەرلەمانو حکومەت دەگرن، یان ئەو لایەنانەی کە سەنگەری ئۆپۆزیسیۆنیان هەڵبژاردووە، ڕۆژێ لەڕۆژان دەستیان نەداوەتە چەك و دەستڕێژییان لەپەرلەمان نەکردووە، بەهێز پەرلەمانیان داگیر نەکردووە، ساختەکاریان لەهەڵبژاردنەکان بەڕێوەنەبردووە. لەلایەکی دیکەشەوە کوردستانیان باش دەزانن کە هەرگیز ڕۆشنبیرانو ئەو هێزانەی کە سەنگەری ئۆپۆزیسیۆنیان هەڵبژاردووە ڕۆژێ لەڕۆژان پێتەختی ولاتانی دراوسێیان نەکردۆتەوە وێستگەی سەفەرەکانیان و تێیدا نەگیرساونەتەوە، باشترواید جێگری سەرۆکی پەرلەمان بەکراوەیی بدوێو ناوی ئەو نووسەرو لایەنانەش بهێنێ کە بەهاوکاری دەولەتانی دراوسێ پیلان بۆ دژایەتیکردنی پەرلەمانو حکومەت دادەڕێژن و دەیانەوێ بەنووسینەکانیان پەرلەمانو حکومەت لەبەرچاوی خەڵك ناشیرین بکەن!!. ڕێزدار کەمال کەرکوکی هەق نیە بەو زمانە بدوێی، هەقە داوای بووردن بکاتو چیتر ڕۆشنبیرانو دڵسۆزان تۆمەتبار نەکات.

2006-6-11

عێراق دەبێتەوە عێراقەکەی جاران؟

جەبار سابیر

لەسەرەتای فەتحی ئیسلامیو کشانی خەلیفەکانی ئیسلام بەرەو ئەم ناوچەیەی لەسالّی (1920)وە بۆتە دەوڵەتی عێراق، تائەمڕۆش ئەم ولاتو ناوچەیە بەردەوام خوێنی لەبەر دەڕواتو هەرچی دەسەڵاتێك هاتبێت بەسەر خوێنی دەسەڵاتەکەی پێشتردا هاتووەو تەواوی ئەو نەتەوەو ئاینزو ئایینزایانەی تێدایە دوژمنی یەکترینو هەمیشەش دەسەڵاتەکان کاریان بۆ توندکردنی ئەو ناکۆکیانەکردووەو زیاتر خەڵکەکەیان کردۆتە دوژمنی یەکتری. ئەم دەوڵەتە لەسەر ڕق ڕۆنراوەو هەر ڕقیش بەرهەمەکەیەتی، خەلافەتی عەرەبی ئیسلامی چەندین سەدە خەڵکی ئەم ولاتەی بەخوێن ڕشتنو ڕق لەیەکتر بوونەوە پەروەردەکردو کاتێکیش خەلافەتی عوسمانی تورك کۆنترۆڵی ڕۆژهەڵاتی ئاسیاو ئەوروپاو ئەفریقایشی کرد هەمان شێوەی عەرەبەکان ستراتیژی بەڕق پەروەردەکردنی لەگەڵ چونکە کەس باوەڕی بەبنەماکان ئەویتر نییەو تەنیا مەبەستی خۆیی و ئەو خەڵکەیە کەبەشوێنییەوەن، ئەنجامی ئەمەش هەر شۆڤێنییەتو ڕژێمێکی وەك بەعسی لێدەکەوێتە. سەرەتاکانی ئەم قسانەش دیارەو ئەوەی ئێستا دەگوزەڕێ تەسفییەکردنی حساباتی هەشتا ساڵی ڕابردووی عێراقە لەنێوان شیعەو سوونە لەلایەکو کوردیش لەلایەکیتر بەڵام ئەوەی باشە تائێستا کورد بەتەواوی نەبۆتە لایەنێك لەو شەڕە ناوخۆییەی شارەکانی باشوورو ناوەڕاستی عێراقی تێکەوتووە کەڕۆژانە تەرمی دەیان کەس بەگوللە بارانکراوی یا لەسەر شەقامەکان یاخود لەناو ووبارەکاندا دەدۆزرێنەوە.

ئەمە حاڵی ئەو عێراقەیە کەئەمریکاو بەریتانیاو ڕۆژئاوا تروحزبو سەرکردەکانی ناوخۆش دەیانەوێ جارێکیتر بیخەنەوە سەرپێی خۆیی و ئارامی بەخۆوە ببینێ، بەڵام ئەوەی تۆزێك سەری لەمەسەلەکان دەرچێت ئەو ڕاستییە تاڵە باش دەزانێت کەعێراق تەواو بووەو تەنیا بەڕژێمێکی عەسکەرتاری و تۆتالیتاری وەك ڕژێمی بەعسو سەدام کۆنترۆڵدەکرێتەوە. وڵاتێك گەورەو بچوکی تینوی خوێن بێت دەکرێ ئارامی بەخۆوە ببینێ؟